سەرۆک کۆمار یاسای پشووە فەرمییەکانی پەسەندکرد

سەرۆک کۆماری عێراق واژووی لەسەر یاسای پشووە فەرمییەکان کرد.

سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، د. لەتیف رەشید سەرۆك کۆمار واژووی لەسەر یاسای پشووە فەرمییەکان کردووە.

ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو ئەنجومەنی نوێنەران یاسای پشووە فەرمییەکانی بە سەرۆکایەتیی کۆمار نارد.

بەپێی یاساکە ڕۆژانی هەینی و شەممەی هەموو هەفتەیەک لە سەرانسەری عێراق پشووی فەرمییە.

جگە لەو ڕۆژانەش 1ی موحەرەم و 10ی موحەرەم، 12ی ڕەبیعی یەکەم، 3-1ی شەوال واتە جەژنی ڕەمەزان، 13-10ی زولحیجە واتە جەژنی قوربان، 18ی زولحیجە جەژنی غەدیر، 1ی کانوونی دووەم جەژنی سەری ساڵ، 6ی کانوونی دووەم یادی دامەزراندنی سوپای عێراق، 21ی ئازار جەژنی نەورۆز، 1ی ئایار جەژنی کرێکاران، 16ی ئازار ساڵەڕۆژی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پشووی فەرمین.